شیعر

# نیوەی
# پڕی من
# نیوەی بەتاڵی ئاوێنە


گوڵباخ بەهرامی


٢٠١٢


ناوی کتێب: نیوەی پڕی من نیوەی بەتاڵی ئاوێنە

بابەت: شیعر

ناوی شاعیر: گوڵباخ بەهرامی

دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید

لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووك ژمارە (١٧١)

چاپخانە: کارۆ

چاپـــی یەکـــــەم: ٢٠١٢

تیراژ: (٥٠٠) دانە


وەک پێشمەرگەیەکی نیشتمان بەردەوام دڵم لە لاتە

# (خاوەن شکۆ)

ئەگەر هێزێکی دەرەکی بیەوەێ
رەش و رووتم بکاتەوە لەخۆیدا
گۆڕان بێت و
بیەوێت بمگۆڕێ
یەکگرتوو بێت و
شایەتیمانم فێر بکات
کۆمەڵ بێت و
سرەی نوێژەکانی هەینیم پێبگرێت
سەلەفی بێت و
فێری خۆتەقاندنەوەم بکات
من
بارانیترین نۆتەکانی تۆ لەبەردەکەم
تۆ
کە هەموو رەنگەکانت خۆش ئەوێ بە رەشیشەوە،
تۆ
کە هەموو دەنگەکان
کۆبەندی نەفەسی تۆن،





تۆ بڵێ: بمرە و دەروازەکانی زندەگی دابخە
بڵێ: بسووتێ و
نیگاری خۆڵەمێشیترین کچی شاربە
تۆ بڵێ: سەر هەڵگرە و
لە هەزار رێیانی ژیانا
فەنابوونی خۆت بنووسەوە
تۆ بڵێ: ونبە لە تاریکیداو
شێتبە لەچاوەڕوانییەکی نەبینراودا.
تۆ کە باڵاترین دەسەڵاتی لەمنداو
من کە لە ئیمپراتوورییەتی دڵتدا
ئەفسانەیەکی رۆژهەڵاتیم
ئەمرم،
ئەسووتێم،
فەنابوونم دەنووسمەوە،
شێت دەبم،
لەبیرت دەکەم،
...
فەرمانتە خاوەن شکۆ!

١

کە هاتی
دڵ تەمەنایەکی شیرین بوو
کەوتە باوەشی ئێوارەت
چەن عاشقانە هاتی
کە ژیان وتی: من لێرەم.

٢

ئەی ئاشنا بەسرپینەوە!
ئیمان بێنە بە "مەرگی من لەخۆتدا"
بەیانی وەرزێکی ترە بۆ عاشقبوونی من
من کە دەمێکە
رەنگی غەریبی گوناحم لێنیشتووە.



نیوەی پڕی من نیوەی بەتاڵی ئاوێنە ........................ گوڵباخ بەهرامی

٣

قاوەکەم تامی گوڵ ئەدات
تۆ بڵێی گوڵێك
بۆنی بەپیاڵەکەمەوە کردبێت!
کەی هاتی؟؟....
ئەڵێن بەهارە!.

٤

چەند رۆژە هەر شەوە
من هەر چاوەڕیی دابەزینی بەیانیم
تا لە ئەڵقەی ئەو خەونەدا بمپێچێتەوە
کۆی حەرفەکانی فڕینم
بکاتە= تۆ

٥

ئەگەر هەمیشەترین نەبم
تەنیاترین کە هەم !
بە لەتێ بیانووی کاڵی سەر پلاکاردەکانی جادەوە
بۆ من بەسی بۆ گریان و
هەڵاتن تا ئەو و
ئەو تۆ نەبوویت؟
خۆزگەم بەتۆ
تا... من.

٦

لەسێ رەهەندی نیگاتەوە هەرنیم
نیم نیگایەك نیم و
نیگایەك
لەسێ رەهەندی نیگاتەوە !
ئاخر... ئاشقتم.





٧

لەرۆحی گوڵ
ئاشناترم بە پەنجەکانت
بە یاریی هەمیشەیی قەدەر
بەمن
بە پاڕانەوەی ئەبەدی نیگا
لەتۆ
ئەی یاخیترین هەست!
بە تەنیا
تەنیاییم هەڵوەرێنە .

٨

نە سەفەرێکم ماوە بمباتە کۆتایی
نە کۆچێك
کە رێگای گەڕانەوەم بۆ رابخات
وەك لەتێ سەهۆڵ
لە گەرماوگەرمی پەنجەکانتا
هەنگاوەکانم بەرەو مەرگ
توندتر ئەکەمەوە
کوا ژیان
بە لەشی بێ ڕۆحەوە پێناسە ئەکرێت؟!

٩

تەماشات زوومی دوو خاڵی کۆتایی کە
سپییەتی بەتاڵی چاوم دەبینی؟
من مردووم و
بە باکگراوندی ڕەشەوە
دێمەوە لات
تەنیا ویستم بڵێم
هێندەی دوو خاڵ دەرفەت و
ئیتر بمبوورە
(..)

١٠

من بێ تۆ
بێ دڵ و بێ ناونیشان
بۆ خۆم دەگەڕێم و لەخۆم دەگەڕێم بۆتۆ
من بێ تۆ
هەر ئەوەم کە ئەیبینی
بەڵام کوا (هیچ ) ئەبینرێت؟!





١١

ناسکترین وەرزی ئێوارە و
لێوی تۆ
تەنیاترین بێدەنگی ساڵ و
دڵی من
کە ئەتبینم لێوم ئەفڕێ
چ وەرزێکی دڵتەنگە ماچ!

١٢

بە سێوە نارنجییەکانی باخەڵتا زانیم
پاییز چ داگیرکەرێکی بێشەرمە
من حیکایەتی هەنارێکم
بە زەختی لێو
بە لێواری پەنجەکانتا
شۆڕبووەمەوە
"شەراب" یانێ:
کچێك لە وەرزەکانی عەشق پەڕییەوە.

١٣

ساماڵ وەك نیگات
تەژی لە خۆشەویستییەکی نەرم
ئەمشەویش هەر "تکا"م و
ڕاپێچی قەفەزی دڵتم بکەوە
چەن خۆشە دیلت بم !
چەن خۆشە دیلم بی !.

١٤

ئەو کاتە تۆ
بەهارت بە گوڵاڵە ئەدواند،
من لەم بەری پەنجەرەوە خۆشم ویستی.
ئاشنا !
پەپوولە تەنیا وەرزێك کافر ئەبێت
تا بڵێ:
ژیان کفرێکی ئاشقانەیە و بەس .





١٥

چەندە ماسی بە جازیبەی ئاو سەرمەستە
من بە نیگات
چەندە گەلاّ بە شکۆمەندی درەختەوە پێبەستە
من بە بالاّت
کوا ......عەشق ئەوندەی دڵتەنگی
ژیان فام ئەکات !.

١٦

تۆ نۆبەرەی خەمێکی ڕەساسیم
ناوت " بارانە"
لە پشت کام پەنجەرەی
تا دەمە و ئێواران
دنیا لە قاپی ئاسمان
خاڵی بکەمەوە؟!.

١٧

بهێڵە با لە پەناتا
ڕۆمانی ڕۆژە زەردەکانی شەقامێك بم
پاییز نەما
پەنجەرەی ماچی لێدانەخا و
ئیتر... تۆ سڵامەت پەپوولە
ڕۆحی من بێ ئاوێنە پاکیزەیی هەڵناگرێ
ئاشق نەبم... ئەگەر
لە باوەشما تەسویرت نەکەم.

١٨

ت: وەك تەنیا
ت: وەکوو تۆ
من هەر وەك خۆم
تەنیا و
بێ تۆ.





١٩

هەر بە ئاوابوونی ئەم هەنارەوە
ئەستێرەیەکی پەمەییت و
بە جێمدێڵی
نەك هەر من
هەموو دانیشتووانی ئەم دەفتەرە
ئاوابوونیان لە هەنارێکا
ناشت
تا خۆشەویستیت
بە خاك بسپێرن.

٢٠

هەموو تەمەنم بەخت ئەکەم
بۆ نیگایەکت
هەموو ئێوارەیەك
بۆ دیتنت ئاڵ ئەپۆشم
هەر ئەوەندە پەپوولەی
کە ئەتبینم
تەنیا وەرزێك ئەژیم .

٢١

هێندە سەرخۆشی عەشقت بووم
بەرەو مینای لێوی شەبەق
جانتای کۆچم هەڵبەستووە
پەرداخێکی
لەنێو لەپی ئێوارەدا
ڕەنگی شەرابت گرتووە .

٢٢

کە خۆر هەڵدێ زۆر بە پەلە
سینگی بەیانی لەت ئەکەم
پەنجەرەکانی ژوورەکەم ئەکەمەوە
تا ئاسۆی سوور تێکەڵاو کات
ئەشقی من و سۆزی وڵات.



نیوەی پڕی من نیوەی بەتاڵی ئاوێنە ........................ گوڵباخ بەهرامی

٢٣

پاییز
کۆبەندی غەزەلێکی نارنجی بوو
چما لە دیوانی دنیادا
کەس وەك نارنجی
لە کەنیشك تێناگات.

# سەرخۆش بوون لەبەرائەت

کە ئێوارە ئەڕژێتە تەنیاییمەوە
سینگم بە عەتری باران ئەپێچمەوە و
لە هەیوانی پەپوولەدا
چاوەڕێی هاتنت دەکەم
بێ تۆ
وەك ڕۆحی پوولەکەیی زەریا
لە فەلسەفەی ئەوینی ماسی
بەتاڵ ئەبمەوە
پڕ ئەبم لە لەزەتی دووبارەبوونەوەی ماچ و
ئەفیونە ئاڵەکانی ژووان
سەفەرێك ئەکەم
نە پێناسەیەکی شیرین بێ بۆ بەهارو
نە ترازانی لێو بێ
لە ئەڵقە بەتاڵەکانی نەفەس
سەفەرم باڵێکە پەمەیی





ئەنیا هەڵفڕین نەبێ
هەموو وانەیەکی قەدەری لەبەرەو
تەنیا دۆڕان نەبێ
هەموو کڵاوێکی نابەڵەدی تاوانی لەسەرە،
سەفەرم گرژ داگەڕانی بارانێکی دوودانگە
خاوبوونەوەی هەورەکان ئەژمێرێ و
لە خوناوی چاوی عەشقەوە
ئاوڕێك لە مردنم ئەداتەوە
گەر پاییز
حیکایەت لەئێسکە ڕزیوەکانی تەمەن ئەکات
من ڕۆمانی هەموو پاییزە دۆڕاوەکانم لەبەرە
گەر هەڵوەرین
پرسیاری بێ وەڵامی پەپوولەیە
ئەڕژێتە ناخی بەرائەتەوە
من بەخاچی تەماشاتەوە هەڵواسرام
ماچ
چەندە بەرینە بۆ پەڕینەوە لەگومان
دەریا
چەندە عاشقە بۆ سەرخۆش بوون لەبەرائەت
من کفرێکی نابەڵەدم

گەر بەخاڵی دەستپێکی نەفەستم نەسپێری

ئەتەقێمەوە

من ئاشنای ڕێگە لوولەکانی"با"م

گەر فریای باڵەکانم نەکەوی

لەبیابانی سووری مەنفادا ئەنیشمەوە !

کاڵبوونەوەم لەتابووتی مردنێکی ترا

حەشار ئەدەم

با پرچەکانیشم

تەڕونمی گوناح دایانپۆشێ

با پلێتۆکی فریشتە خومارەکانی قیامەتیش

ڕۆحی دۆڕاوم بخەنە بازنەی دوا پرسیارەوە،

من گومان لە عاشق بوونی خۆم ئەکەم

کاتێ کە بەژنم بە درەختێکەوە نووساو

ژنیەتییم لەڕۆحی گەڵاکانەوە هەڵوەرین

خۆزگەم بەتۆ حەیاتم

خۆزگەم بەتۆ !

کە بۆ هیچ پرسیارێك

نابیتە ئەڵقەی گومان و

بۆ هیچ رووتبوونەوەیەك

نابیتە گوناح





شەرم لە سێبەری خۆت ناکەیت و

لەپەنای پەنجەکانتا

پەنجەرەیەك هەیە بۆ تازەبوونەوە

مەودایەك هەیە بۆ عاشق بوون

ئەوەی لەزاری من بەرئەبێتەوە

نوغرۆ بوونە لە فەوتاناو

ئەوەی بەپەناما رەت ئەبێ

تەرمی سەرگەردانی ئازارەکانمە

ئەشێ من

هەر لە ئاوە تینووەکانی

ڕوخساری شەونمێك بچم

دەمە و کاڵبوونەوەی رەنگە ئاڵەکانی باران

لە گەردنی ئارامی ئێوارەیەك دا

ئاوێزانت ئەبم

وەك هەڵمێکی مەیلەو عەشق

خۆم لە لێوارەکانی ئاوێتەبووندا

ئەپێچمەوە.

# تێر بمشارەوە لە خۆتدا نیشتمان

من بە میراتگری باران ناسراوم
بە سووتویەکی زگماگ
پێش لە دایکبوونەوەی
ئاگر
ئەڵێن: دۆزەخ کەمترین هەڵەیە
لەکاتی نەفرەتا و
ئەڵێن: مەیل بەرەو هەر کۆڵانێك کە بفڕێ
هەر باوەشتەو
ئەڵێم: چەن ئاتاج و موحتاجتم
بۆ تەنیا پیتێك لە پەروانەییت!
مەگەر کڵاوێك بدوورم لە هەور و
بە زراڤی باڵاتا دابارێم
مەگەر لە درکاندنێکدا
هێندەی هەنارێك
سوورم کەی لە باوەشتاو





مەگەر بە کفرێکی ئاوێزان
بە لاپەڕەکانی دیپلۆماسییەوە
بتخەمە بەر پەلاماری خۆشەویستیم !
بڕوام بە پاکییزەیی حەرفەکان نەماوە
نە بە ڕاستگۆیی چراکان و
نە بەبێ ئارامی دارستان و
نە بەوشە باڵ ناسکەکانی
دەڤەری برایەتی
کە شەو لە جل و بەرگی ویلایەت دا
ڕاپۆرت لە نهێنییەکانی ئەستێرە ئەدەن!
کەی من توانیومە
بە قەد ماچێکت ئەرخەوانی بم
کەی من توانیومە
ئەوەندە کە تۆ باڵندەی
لە دژوارەکانی فڕین تێبگەم؟!
تێر...... بمشارەوە لە خۆتدا نیشتمان
"لەوێ کە خودا بوونی نییە"
تەنیا ویستبووم بڵێم:
کە چەن ویستووتمە !.

# بوونەوەرێك لەرەگەزی من

ژنێك لەژێر پێستمەوە
هەناسە ئەكێشێت
چرنۆك لە ئەندامم وەرئەدا و
لەمنا بۆ ڕەها ئەفرێت
من هیچ نەبووم
مەگەر تابووتێك بۆ خنكاندنی درزەكان و
قەفەسێك لە پێست
بۆ بەتاڵكردنەوەی فرین لە مەحاڵدا
ژنێك لە ڕەگەكانی لەشمەوە
بۆ من ئەدوێت بەرانبەر بە جموور
من هیچ نەبووم
مەگەر حاڵەتێك لە بێزار بوون و
تەقەلایەكی ناتەواو





لە جوڵەی نەفەسەوە هەتا دەنگ
كەس نییە پێم بڵێ
تاڵێك كە لە قژمەوە بۆ سپی ئەڕوانێت
لە نەهاتی چ ئەفسانەیەك دا
ڕەنگی ڕوخساری بە تەمەن دۆڕاندووە ؟
كەس نەبوو پێم بڵێ
چ ئەوانەی بە وەختاوەختی خەندەما
ئەمناسنەوە و
چ ئەوانەی بە ڕووباری فرمێسكمەوە
ئاوێزانن !
كەس نەیزانی
من بوونەوەرێكم لە خۆدا خنكاندووە
لە تاڵەكانی قژمەوە
كاڵ ئەبێتەوە هەتا سپی و
لە جەستەما
"بریا" ئەنێژێت هەتا مەرگ
من هێشتا هەر تێنەگەیشتم
لە چەند دێڕی بێهودەدا
بۆ خوێندنەوەی خۆم
لە خۆمدا نەفرین كراوم

کە هەتا دێڕەکانی پێستم
بۆ ژنێك لە ناخی منەوە
چرچ دائەگەڕێن
فەزا بۆ بەرائەتی من
هەر تەنگتر ئەبێتەوە

کەس نەبوو پێم بڵێ
لە تەنگاوتەنگی ئەم دێڕانەدا
چیم بە سەر هات !؟





## کۆچ

ئەزانم ڕۆژێك
لە فراوانی ئەم شارەدا فەرامۆش ئەبم
ژەنگەکان بە پەنجەرەوە ئەمخۆنەوە و
جەستەی بەیانی
لە تابوتێك لە ئەڵقەدا ئەنێژن
تەنیا مشتێك کوێر و کەڕ
لە شەقامەوە بەرئەبنە پیاوەتی سەدەکان و
بۆخودای دەستکردی بەر هەیوان
نوێژ ئەکەن
ئەزانم ڕۆژێك
بە نهێنییەکانمەوە
لە جەستەی هەمووتانەوە گوزەر ئەکەم
وەك یاد بە ڕۆحتانا ئەگەڕێم
ئێستاش باوەڕناکەم

چۆن لە بەرۆکی ئەم خاکە بوومەوە و
چۆن سێبەری نووستوی دایکمم بە جێهێشت
من موبتەلابوونی خۆمم ئەو کاتە چنییەوە
کە لە خاچی نیگاتەوە
ڕووتامەوە هەتا درەخت
ئەم شارە بەدرەختەوە ئەمناسێتەوە
بە ڕەگی خۆم و
بە ڕەوایەتی خۆم.
تۆ
ئەی بوونەوەرێك لە ڕەگەزی من و
ئەی شیوەنی من لە کاتی فەوتانما
ئەی سەفەری من لە من و
ئەی سەفەری تۆ لە تەواوەتی من
هەڵگری شەفاعەتێکم
بە داری باڵاتەوە
هێشتا هەر ڕجام
هەناسەتم بۆ بکە بە "با" و
لە شەوێکی لارەملی بێ ئەستێرەدا
سیحرێکی تر
لە لاپەڕەکانی دۆزەخ بەردەو





چیرۆکی بەیانیم
لە دڵدارترین دەلاقەوە بۆ هەڵخە
ئەزانم ڕۆژێك
هەر هەمووتان
لە دوورترین ڕەگی ئەم خاکەوە
شایەتی بۆ ناشتنی دوبارەم ئەدەن.

# برین

نابێ ئەمڕۆ یادم نەکەی
ئەی برینی بێ سارێژی
دڵۆپ دڵۆپ فرمێسك و خەم؟!
نابێ ئەمڕۆ لانکەی ئاڵۆزی مەرگێکی
بێ تاوانم بۆ ساز نەکەی؟!
تۆ لە درزی پەنجەرەشەوە ڕەت ئەبی
بە ژوورەکەم سەرئەکەوی
دیلم ئەکەی لە حەرفێکا
جێ پێکانت بە "هو "یەکی هەناسەم ئەگەشێنەوە
نامۆ ئەبن لە قاپی هەرچی پەنجەرەو
ئەتوێنەوە
نابێ ساتێ یادم نەکەی
نابێ ئەمڕۆ لەم دۆزەخەدا جێم بێڵی
هێندەی تر ئازارم نەدەی





ئەی خولیای بێ تووانەوەی
٢٩ساڵ ڕەنج و ئازار !
لە کاتێکەوە ئەتناسم
فێربوومە چۆن بەرماڵ ڕاخەم بۆ سەربڕین
درۆ بدەم بۆ هەڵفڕین
لە کاتێکەوە ئەتناسم
بەرلەوەی کە گوناح بکەم دەستنوێژ ئەگرم
بێ تاوان یەخەی خوم ئەگرم
.
.
هەتا دەمرم

# مرۆڤێك لە ڕەگەزی هەتاو

**پێشکەشە بە یادی بەرزی شەهیدی نەمر دکتۆر(عبدالرحمان قاسملوو)**

**هەموو ئەو ڕۆژانەی بیانووی بارانیان**
**بە ئاسمانەوە ئەگرت و**
**ئەو خەمانەی پەیکەری گریانیان ئەڕازاندەوە**
**لە سێبەری سڵاوێکی ساکاردا**
**بەرۆکی ئازادییان بە پەنجەی تۆڵە دادڕی**
**کێ دەیزانی دێوەزمە ڕیشنەکانی پێتەختی پاشایەتی**
**خۆیان بە لقی کام داربەڕۆوە هەڵواسیوەو**
**'ڕۆحی کۆپی کراوی' چ پەیکەرێکیان**
**بە خۆوە پێچاندووە ! ؟**
**گەڵا لە مەنتیقی چ ڕشەبایەکدا**
**وانەکانی هەڵوەرینی لەبەر کردووەو**
**شەدەی چ پەریزادەیەکی**
**لە باخەڵی دارستانا بە ئەمانەت ناشتووە !**





**ڕقی پیرۆز!**
**پێم بڵێ کەی لە ئاوێنە دائەبەزی و**
**ئاویترین بەرهەمی ئەشق**
**بە کۆڵانەکانا بڵاو ئەکەیتەوە ؟**
**کە هاتی**
**لە کەنارە زێڕینەکانی دەریاوە وەرە**
**پەیامێکم لە چاوەسوورەکانی" ماسی"دا**
**بۆت بە جێهێشتووە،**
**لەوێ هێڵەکان ماندوون لە قەتارەی سوور و**
**کە ڕەها بوون**
**ناگەڕێنەوە !**
**لە لاپەڕە یاخییەکانی" ئاو"دا**
**مشتێك لە مووروی پەیڤ و**
**سەتڵێك لە پریسکەکانی هەتاو**
**لەگەڵ خۆت بێنە**
**لەوێ هەتاو ناوێرێ بدوێ و**
**ئاو لە ڕەگەکانی پاکیزەییدا ناتەقێتەوە**
**کە هاتی**
**ڕاوستە با شەو بگاتە کۆتایی و**
**کیژی کاڵ و کرچی بەیان**

بینت بە عەتری ئاوریشمی وڵات تازە بکەنەوە
ڕاوستە دەرگاکان لە پەراوێزی خۆیاندا
ڕاپەڕین دەست پێبکەن و
جەستەیان بەرەڵای باوەشی کۆڵانەکان بکەن!
...
کە ڕەنگەکان
گەیشتنە قەناعەتی کاڵ بوونەوە
کە ساڵ
لە وەرزی ترێ دا تەقییەوە
هەتا... شەراو
ئینجا بە ڕیزی پەنجە بڕاوەکانی ئاشتی ئەڵێم:
مارشی هاتنەوەت بۆ لێبدەن
ئەو کاتە وەرە و
پەیکەرەیەك لە ناسکترین لێوارەکانی خاك،
بە سینگی شارەوە بدوورە و
بۆنی گەنمینی " ئازادی" ئاوێتە بکە !
تۆ_ تەواوکەری هەموو ڕاستییەکان،
تۆ_ پاکیزەتر لە ڕۆحی ئاوێنەیی باران،
پیرۆزتر لە ئارەزووە ناتەواوەکانی ئازادی!
بە بەفراوێکی چوارپارچەی داهێنەرەوە





تەژی لە خەیاڵی هەڵفڕینی خاك و
پڕاوپڕ لە دڵی بێگەردی ئاشتی،
کوانووی ئەم خەمەت بەرەو سامناکترین
شەوەکانی غوربەت هەڵگرت،
چ قەدەرێك بوو لێکدابڕانی دڵ و جەستە و
فڕینی پەپوولەیی ڕۆح
لە ئامێزی گەورەترین دڵدار
چ تاوانێك بوو ئەو شەوەی کە نیگایان
بە تاسەوە لە خوێن هاویشت و
هەناسەیان خستەململانێی مان ونەمانەوەو
گوڵاڵەیان بە بەهارەوە لە سێدارە هەڵواسی!
ئەوان لە پێتەختی بێدادەوە هاتبوون و
کارناواڵی تاوانیان ئەگێڕا،
ناوچاوانی ئازادیان هەڵئەکوروژی و
چیرۆکە کۆنەکانی مردنیان ئەگێڕایەوە.!
لە هەر هەناسەیەکدا تۆڵە و
بە هەر دەستەملانێك ڕق و
بە هەر زەردەخەنەیەك پیلانیان پێبوو،
ئەو _ بە هەر درەوشانەوەیەك مانگێك،
بە هەر میدالیایەك کاروانێك لە ئەستێرەو

به هەر پێکەنینێك پۆل پۆل پەپوولەی خۆشەویستی
ئەکەوتنە باوەشییەوە
ئەو_ مرۆڤێك لە ڕەگەزی هەتاو،
پێغەمبەرێك لە نیشتمانی ئاوات و
خواوەندی ڕۆحی مەزنی ئاشتی.
لە پاریسەوە هەتا بارەگای شۆڕش و ڕابوون
هەر قاسملوو
لە دڵی هەژارانەوە هەتا باڵاخانەی گەورە پیاوانی ئەورووپا
هەر قاسملوو
لە نیشتمانەوە هەتا ڕیزی سەنگەرەکانی کورد بوون
هەر قاسملوو !
لە دڵەوە هەتا خۆشەویستی،
لە خاکەوە هەتا خەبات،
لە ئاشتییەوە هەتا ئازادی،
لە مرۆڤایەتییەوە هەتا ڕاستی،
هەر قاسملوو !
گەردنی بەرزتر لە چیای ڕاساوی پێدەشت و
باڵای هێمایەك بۆ هەوێنی هەتاهەتایی و
نیگای سیحرێکی وەنەوشەیی ڕۆحبەخش و
وتەی قامووسی جوانترین وشەکانی سەردەم .





با هەموو گریانێك لە ناخی ئێمەوە هەڵقوڵێ و
با هەموو تاوانێك لە داوێنی ئەوانەوە سەرهەڵبدا،
با هەموو تاسەیەك لە دڵی ئێمەدا دابمرکێ و
با هەموو دڕەندەیی یەك لە پەنجەی ئەوانەوە بتکێ !
باڵندە فڕینی لە بیر ناچێتەوە،
ڕۆحی شەهید نەوی نابێ،
ڕووناکی نامرێت !
ڕێگات هیلالی هەمیشەیی هەرمانە و
دوا وێستگەی هەڵفڕینی هەناسەت،
مەڵبەندی لەدایك بوونی سپێدەیە..

# پێچەوانەی ڕەنگەکان

بمبارە وەکوو
شەختەیەکی شێت و
شێتم کە وەکوو
بارانێکی نامۆ
لە کەنارەکانی ڕۆحمەوە بمدە لە دار
کاتێ کانی
هەنگاوەکانی بە سەمای شەپۆلێکەوە
ئەرەخسێت و
کاتێ کە شنە
بە تاقەتی هەورێکەوە ئەنووسێت
متمانە بە ڕەنگی کام وەرزی بێدەنگیتەوە بکەم؟
من کە پڕم لە بێهوودەیی
ڕەنگامەیەکی مەشکوك و
لە لەنەقشێك لە پێچەوانەی
تەعبیری ڕەنگەکان شل تر !





من کە تۆم لە بەستێنی کەلیسایەکی مەترووکدا
خۆیا کرد و
لە لاپەڕەی ڕوومەتێکی بریندارا
حەشارم دای
هەڵم بگرە و بمبە
بە پیری ساڵێکی تەمەن درێژ و
هەناسەیەکی هێمن،
بۆ پەرەستگەی ئەهوورایەکی مەزن و
ئاسوودەیی خەونێکی گرژ
بۆ فیلێی شەهوەتێکی گڕ و
ڕواڵەتی گوناحێکی شۆخ
بمبە و
لە پەراوێزی نێو لەپی ڕاستمدا
نوختەی بەختم بدۆزەوە
ئەی چارەڕەشی ڕوو سپی
فێرم بکە چۆن هەرا لە "با" بکەم و
خەمەکانمی پێ بسپێرم
چۆن بە ماچێك تاوانی زللەیەك بسێنمەوە
چۆن لە قەراخی دەنگێکەوە
هەڕەشەی هاوار لە گەرووی زامدار بکەم؟!

**تۆ**

**کە لە مەرکەبی نامووسی شێعرەوە**

**دابەزیت و**

**من**

**کە لە هۆنەی ڕەشی تاڵی قژم**

**ڕاپەڕیوم**

**ئێستا لە سووچی ئەم ئێوارە پیرەدا**

**هێور _ هێور**

**بە هەورازی ڕۆحی خاکا بخشێ و**

**بستێك بۆنی ئازادیم**

**پێ ببەخشە .**





# پەنجەرەیەك بەرەو مردن

**ئێوارەیەك**

**کە من بە گوناحی پەنجەرەیەك**

**لە تۆدا ورد ئەبم**

**تۆ بەدەم پێکەنینی گیایەکەوە**

**ڕۆحت بە باران ئەبەخشی و**

**لە سەرەتای خەمە ئەرخەوانییەکانی دایکمەوە**

**تەعبیری ژانێکی کوتوپڕت ئەنووسییەوە**

**کە هەنگاوت هەڵێنا**

**هەنارێك شەق ئەباو**

**پەپوولە لە حەجمی مشتێکی پڕا**

**ئەمرێ!**

**گەمەی "با" و سەمفۆنیای ئارامی قژەکەت**

**کە پەنجەکانم**

**بە تاڵی قژتەوە ئاوس ئەبن**

**پێ بە مانگێکی ناوەخت ئەکووشانەوە،**

**لە بیرت نەچێ !**

**کە "با" لە شانەکانت هەڵئەکا و**

**ئەتخوێنێتەوە**

**دەستەکانت بەسخاوەتی بارانەوە**

**گرێ بدە**

**ڕەنگە پەڵە هەورێکیش ئەمەی بیستبێ**

**کە بێ سکاڵای بزێوی خەمێکی پەمەیی و**

**بێ ئەوەی دارتەلی بەر دیواری حەوشەکەمان**

**شایەتی شەوێکی نەشەمەی بۆ بدات**

**بە پەلە دائەکات**

**تا هەرچی شوورەیی یە**

**لە باوەڕی شار بشواتەوە**

**ئێستا من و تۆ و**

**پیرەمێردی بن کۆڵانەکانی مێژوو ئەزانین**

**شار پڕە لە شوورەیی و**

**باوەڕی مردوو،**

**باڵندە بە پەتەوە ئەخنکێ و**

**تف لە سێبەرەکەی خۆی ئەکاتەوە**

**مناڵێك لە تینی هەتیوی دا**





**ئەڕچی**

**چارەنووس بە ئەڵقەڕێزی درگاکەوە**

**وشك ئەبێ و**

**پەنجەرەیەك بەرەو مردن ئەکرێتەوە !**

## مەودای نێوان من و تۆ

نەهاتی لە وەرزەکانا
تێک بئاڵێین،
خۆشەویستی پێوانە بکەین
لە تێکەهەڵچوونی ژمارەکاندا
مەودای نێوان من و تۆ
حەزێکە دەستکرد
کە پەنجەکانم قەپات کرد و
تۆم شوبەاند لە هەنارێکدا.
دەرفەت بدە !
هێندەی نەماوە لە دڵمدا بتەقێیتەوە
کە پڕ ئەبم لە ڕەنگامەی هەنار و
سنوور تەنانەت
هزرێکیش نییە لە ڕوالەتدا
ئەمجارە باش ئەتناسمەوە





تەنانەت ئەگەر
قەدەغە کرابم لە یاسا
لە وەرزی هەنارا چاوەڕێتم
با بەفریش بم و
لە یەکەم ژمارەکانی ترپەدا
کاڵ ببمەوە !
تەواو نابم
کە لە تۆدا دەژێمەوە و
حیکایەتمان لە کریستاڵی پیاڵەیەکدا
شەوێك لە شەرمەزاری ڕزگار ئەکات
تۆ
کە مەملەکەتی هەموو خەمێکی و
لە مندا " خاك "
ئەوەندەی دوو خاڵ دەرفەت و
ئیتر ..
بمبوورە !.

# بڕۆ بە جادە بڵێ ماتڵتم

بەپیری ئەو خەمەوە ئەچم
نامگرێتە خۆی
بە "دنیا"م وتووە دڵێتم بکەو
لێم تێناگات
من موسافرێکی شێتم
ئیواران تەنیایی دەخۆمەوە و
بە سپێدە ئەڵێم ئاوا بە !
لەپەنجەرەوە ئەیخەمە کۆلان
چاوم و
بە جوانترین رەنگەکان ئەڵێم
(رەش)
رەش نهێنی خاڵێکی غەریبە و
من هەموو چرکەیەك





دەینووسمە بوونمەوە،
بەتەنیا باران خەت ئەخاتە تەنیاییم و
زۆر شت هەیە
خەت خەتییە لەدڵما
"خەت " یانێ:
بڕۆ بە جادە بڵێ ماتڵتم.

# ڕسکان

من و تۆ
تا نەگەیشتن بەم جادەیە
هەر کوورت ئەبینەوە لە یەکتردا و
گومان خەیاڵێکە سەرخۆش
باڵەکانمان لە قامووسی
شەوێکی تازە ئەنێژێت
با ئێوارە پێ بگرێت و
شەو لە باڵەکانی ئێمەوە دەستپێکات
بە شینەوە چاو لە ئاسمانێ تر ئەبڕین
ئێوارەکانی کلۆڵ بێ
بە شەو نەگات
ئەگەرچی دژوارە ڕسکان لە یەکتردا
کە من لە تۆ دا نەبێ
لە ساباتی فڕینەوە چۆن پڕ ئەبم و
بە خۆڵەمێشی مردنا نەبێ





لە ڕەگەزی خۆمەوە چۆن گوزەر ئەکەم؟!
با من بم و
با " با " بێت و
من لە قاوەیی ئەم تەمەنەدا
لە مەچەکی چەکێکەوە بتەقێم و
بە خاڵی کۆتایی سەفەرەوە بنووسێم
با ڕەشنووسی کلەی ڕوومەتم
لە کەرامەتی فرمێسك
پاراوتر لە من بدوێ و
من بەر لە تۆ و
بەر لە شاردنەوەی تەمەنم
هەڵێم ,
بمنووسەوە بە کەڤی بەفر و
لە ڕچەی ماچی سەفەردا
بە پەلاپیتکەی زەمەنم بسپێرەوە
کە هەرچی خەمە لە تۆ ئەکا و
من هەر بە خەمەوە شیرینم !
بمنێژە لەڕۆحی خاکدا و
ولاتێك بێداریم خەلات کە
با لە تەمەنی سپێدەدا بژیمەوە

هەر بە هێڵی ئەم خەمەدا
تەواو نابین
سەر لە نوێ ڕۆ ئەچینەوە
ئەڕۆم
ئەڕۆم و مل بە خاچی ئەم جادەوە ئەنێم
من دڵنیام بەیانییەك
شوێن پێکانم ئەمدۆزنەوە.





## ئەم هەوارە بەجێ دێڵم

ئەوینی من
ڕەنگی زستانی پێوە بوو
بۆیە زوو مرد
قژ کاڵەکەی شۆخی تەمەن
تۆ ڕەنگی کام وەرزی ئەشقت لێوە دیار بوو؟؟
چەند لە پاییزی پشت پەنجەرەکەمان ئەچیت
بەدەم باوە سەما ئەکەیت
ئەڕژێیتە سەر ڕۆحی خاك و
لەگەڵ بلوغی زەوینا سەرهەڵئەدەی
گوزەر ئەکەم لە هەرچی تۆی لێوە دیار بێ و
وەکوو دارێکی دەسکەنەی بێ ناونیشان
لە شەرما ئەڕووتێمەوە
گوزەر ئەکەم لە ڕایەخی چنراوی
نێو شێعرەکانم و
لە تەنکاوی حەزێکی شێت دەرباز ئەبم

تەنیا تەنەکەی یادێك و

ڕووت و پەتی

بەم نیوەشەوی نەفرینە

ئەم ەەوارە بەجێ دێڵم

...

کافر ئەبم

لە هەرچی ووشەی شیرینە !.





## ئایەتێکی تازە

کۆڵان هەر بە کۆڵی منەوە

وەنەوز ئەدا

دائەبەزێ و

لەسەر هێڵی دەمارەکانی لەشمەوە

ڕێگا ئەبڕێ و

من گومان لە جگەرەیەك ئەکەم

بە لێوارەکانی لێوتەوە ئەمرێ

ئێستا ئیتر

پەمەیی هەر تەماشایە و

دووکەڵ تەنیا تابوتێك لە هەناسەت

چێ ئەکات

ئێستا ئیتر

کەس ناڵێ پیاو یانێ "سمێڵ"

تەنانەت باوکم

کە کچ بە پەنجەرەوە ئەناسێت

لە ڕەشا تەمەنی ئەشارێتەوە و

هەر ژن ئەکوژێت ,
من گومان لە ڕاگوزەرێك ئەکەم
لە گەمەی نیوە شەوەکانی شار ئەگەڕایەوە
هەرچی بەڕوخساری ئەم حەرفەدا
ئەتلێمەوە
زمانم پێ ڕاناگا
بانگی بکەم
ئەو پاڵ بە شارەوە ئەنێت و
قامك بە تەماشامانا ڕائەکێشێ
ئەو دوو کەڕەت لە من زیاتر پیاو بوو
ئەو ڕۆژێك
لەگەڵ پرچەکانما خۆی گۆڕییەوە
لە ڕەشیما هەر نەما !
وەك چۆن لە هەرچی نسارە دەرئەکەوێ و
لە ڕابوونی بەڵێنەوە ڕائەپەڕێ و
من لە پلاییەکی ئەم دەفتەرەدا
هەر لە گێژا ئەتلێمەوە
تا ئەمجارە
لە ساکاری هەرمانێکی بەخشەندەدا
شی ببمەوە،





لە ئایەتێکی تازەدا
"با" لە هەناسەت مارەکەم
بڵێم کە چۆن
باران لە تاقیگەی تەما ڕاو ئەنرێت
کاتێ بەلەشتەوە لەنجە ئەوەرێ
بڵێم کە چۆن
پێنووس بە قامك ڕائەبوێرێ
گومان خۆی لە غار تاو ئەدا و
چۆن خوا ئەگلێ !
برین هەر بە ئێمە فێرە و
کاتێ زمانم تێکئەچێ
شێوەت ئەکەم !
هەر لە بەیانی باشێكدا
پێدائەگرم بۆ دیتنت و هەر پێت ناگەم
ویستم بێم و
بە ڕایەخێك لە بالیفی ووشە تەڕتر
مۆمی باوەشێکی دووبارەت بۆ هەڵکەم
هەر بە مۆری ئەم شێعرەوە
ویستم سڵاوێکت لێ بکەم .

# لە دووایین چرکەکانی بوونت دا

" با " گلەیی لە تۆ ئەکرد
کە کراسەکەم لۆچ بوو
ئێستا گڤە گڤی گلەیی یەك و
" با" یەك بە ڕوومەتم دا ئەچێتەوە .
نەفرینم مەکە !
من لە فنجانیٚ قاوەدا
لێوم سڕی و مردم
کە ڕەنگی تۆی قاوەیی خوڵقاند،
هەرچی تۆم هەڵمژی گەرمم نابێتەوە
کچێك پێشتر وتبووی
تۆ وەرزەکانی گڕت شکاندووە
ئەترسم ئەمجارە بڕۆیت
سەوز نەبیت و باڵا نەکەی
ئاخر جاریٚ کە ڕۆیشتی
کانی بە چوار بەتڵی وڵاتێکا ڕۆحی تەنی و
ئاوەکانی تف کردەوە





ئەترسم ئەمجارە بڕۆیت
لە بێدەنگی لەتیٚ نانی سووردا
شین بیتەوە
ئاخر جاریٚ کە ڕۆیشتی
هەرچی نانی بەزەیی بوو
تەنورەکانیان بەجێهێشت
بووژانەوە !
.. کاتژمێر لە پەنجەکانما ئەڕوێتەوە
کە ئەت ژمیٚ.. رم
و ... تۆ لە کاتێکا شەهید ئەبی
کە پەنجەکانم نووستبوون .
ئاخ ... ئەم خەونە چ گەمەیەکی بەتاڵ بوو
کە تۆی لە شارێکدا سڕییەوە،
کە شەقامێك بانگت ئەکا و
چنارێك ئەتشارێتەوە
منیش لە ئەرخەوانی باخێکی پەمەیی دا
لە سێوێکا بۆنت ئەکەم
کە بۆنی خاکی گرتبیٚ،
ئەی لە وردە خەندەی پەپوولە شیرین تر !
نەفرینم مەکە و مەڕۆ

من دەمێکە لێرەدا نامۆ بووم و
لەنێو حەرفەکانی ئێوارەیەکی شارەکەما
پەپکە دەخۆم
هەنگاو ئەنێم
پێڵاوەکەم پێم ئەکەنێ
من دەمێکە مردووم
گۆڕەکەم هەڵئەداتەوە و
خاك ڕامناگرێ
تۆ بڵێی دەستپێکی ئەم زەمەنە چی بێ
لە دوواین چرکەکانی بوونت دا
کە بەرانبەر بە شارێك ڕائەوستێ و
حاشا لە بوونی هەموومان ئەکات؟!
خانویەك ئەمباتە ژوورەوە
لە تۆ ئەچێت
پەنجەرەیەك دامئەخا
کە بەچاوی تۆ ئەکرێتەوە
ئەمجارە بێ ئەوەی چاوەڕێی هاتنەوەت بم
چرای ژوورەکەم کوشاندەوە و
ئاڵایەکم هەڵکرد .





## پشوو

بە چاوەکانتەوە خەمێك ئەڕوێت
هەتا دڵی من بڕ ئەکات
لە خوێناوی دەروونەوە
مەی ئەنۆشێ
لق و پۆی تازە دەرئەکات
برین لە من سەرخۆش ترە و
من لە بەرامەی باڵاتا
ڕەها ئەبم
دارستانی چڕی خەمێن!
ئەمشەو هاتووم
هەر بە تەمەنای شێعرەوە
دەستێك لە داوێنت وەردەم
ئەمشەو هاتووم
پشووی ماچت لێ وەربگرم
لە پەیمانەی خەمێکی تر سەرخۆشم کەی
ئینجا ......... بمرم

## وەك لێو لە جەستەتا ئەشوبهێم

پەنگ ئەخۆیتەوە لە دڵماو
هێواش بوونەوەی هەناسەکانم
دەرفەت لە کاتژمێر ئەخوازن
بە باری خەمتەوە لە گۆ ئەچم
وەك لێو لە جەستەتا ئەشوبهێم
لێم ئەگەڕێی
لێت ناگەڕێم
قومە ئاوێك لە چاوما هەڵئەگری
وەك فرمێسك
لە گۆمی مشتتدا وەنەوز ئەدەم
وەك ماسی
گیرۆدەتم!
تا نێو لەپت هەر دەریا بێ
لە هەرێمی پەنجەکانت دەرباز نابم





## تامی چاوەڕوانی

"رچم " لەم بەهارە هەر ناشکێ
هەتا نەمگریتە ئامێزی بەفرینت
تا دوو نیگای کاڵم تێنەگری
وەك هەنار
سینگم لە ترپەی دڵی هیچ درەختێکا
درزێکی سەوزی تێناکەوێ
بۆنی تفتی جگەرەیەك
هەڵمژینی هەوایەکی خاڵی لەتۆ
تامی چاوەڕوانیم تاڵتر ئەکات
چەن دووری
کە ناتوانم دوور بم لێت و
ئێوارەیەك بە مەسێجێکا
ماچێکت بۆ ئەنێرم
تەزوویەکی ئەلێکترۆنی و...
لێگەڕێ
با هەناسەم لە لەشتا بەجێ بمێنێت.

# دەرفەتێك هەتا دەریات بم

**که وەك ماسی**
**خەم له سڵاوە بەفرینەکانت ئەنیشێت**
**کات له ئێوارەدا رائەوەستیٚ و**
**من رەنگەکانی هاتنت کۆ دەکەمەوە**
**درێژتر له پرچی پاییز**
**سیبەرێك بەدوامەوەیە و**
**من نیت**
**پیاوێك شانم لێهەڵئەخا و**
**تۆ نیم**
**کەسم ناناسیٚ دراوسیٚ و دوکان و ...**
**تاکسی**
**هەڵمبگرە وەك هەڵم و جگەرە**
**تا له کۆڵانی دوو لێو**
**ئەگەڕێمەوە باوەشت و**
**قایم ئەبم له قفڵی جەستەتا**



نیوەی پڕی من نیوەی بەتاڵی ئاوێنە ........................ گوڵباخ بەهرامی

**له هەنارێکا هێلانە ئەکا "با" و**
**پێنج له پەنجەکانم کەم ئەکاتەوە**
**ناگاتە دەستم غرووری هیچ مەزەیەك،**
**له لێوتا**
**کەنارێك هەیە پەمەیی ئەڕوانێت**
**تەونی ماسی ئەنێتەوە له دڵما**
**...**
**ئێوارەیە و**
**ئێوارەت نیم**
**دەرفەتێك هەتا دەریات بم.**

## فڕین

دڵتەنگترین وەرزەکانم
هەر لە خەزان ئەدوێن
ئاسوودەترین کاتەکانیشم
بەپەلە دێنە کۆتایی
ئەو هەنگاوانەی
سڵاویان لێ ئەدزیتەوە و
ئەو چاوانەی
نیگایان لێ ئەشاریتەوە
دەمەو بەهار
ئەگەڕێنەوە باوەشت و
پێت ئەڵێن:
کەسێك کە بێتاقەتی فڕین بوو
چۆن بۆ هەمیشە
پەنجەرەکانی بارانی بەزاند.





## مەحاڵ

هەموو کۆڵانە گەندەڵەکانی ئەم شارە
بەیەکەوە ئەدورێم
تا لە سووچی سڵاوێکی چەند پارچەدا
بەیەك بگەینەوە
تەماشا بۆ حەسرەتێك چاوم لێدائەگرێ و
لە خەندەیەکی شووشەیی لێوتدا
گوڵ ئەکەم،
کە پیرەژنی دراوسێمان
خەو بە بەهار نارنجەوە ئەبینێ و
مەحاڵ لە داردەستێك
لە دەستیا ئەچەمێتەوە
هەر من نەبێ بەخەمی تۆوە
وەك نارنج هەر پاییز ئەژمێرم و
هاکا لەپەنجەرەوە

دڵم بۆ نیگایەکی ئاڵتوونیت دەرهات

بەسە خانومان !

لەمە زیاتر بەرۆحما مەکاڵێ

وەختە لەداختا

ئاخێك ... هەڵکێشم .





## کافرم کە

من و پیاو دەڕۆ و

مەجالی کورتی پەڕینەوە لە خۆم

جادەیەك کە بە چەترەوە ماتڵتە و

تۆ ... کە وێرانتم

لە هەر پێچێکی پەناتا کە تەعریفم کەی

لە رەنگێکا خولاسە ئەبمەوە

رەشتر لە هەمیشە و

لە سێبەری خۆم کاڵتر،

بێ مەعریفەتی هەموو چراکانیش

لە سووری فەرامۆشیت کە گوزەر ئەکەم

من قەدەغەترین شەرابی گەیشتنتم

بە مەستی

ئەی ئەزەلیترین کۆتایی !

کافرم کە لە قیبلەیەکی نەبینراودا

ئێرە دەستپێکی جەهەننەمێکی تازەیە.

# ژووانی باران

وێران بێ... ئەم ژوورە بێ تاریکی
وا لە دڵم ئەچێت بێ ڕەشی چاوت
چەن مەسخەرەیە رەش !
ئەگەر تەنیاو تەنیا بۆ من نەبێ
سێبەری باڵات بخۆمەوە
لە فنجانێکی خەڵوەتدا
تۆ ئەبیتە باڵام و
من رەشتر لە سێبەری خۆم
تۆ ئەنوێنم،
سپیتر لە ئاو
کە پیاوانە بێگەردی خۆی ئەشارێتەوە لە بێرەنگیدا



نیوەی پڕی من نیوەی بەتاڵی ئاوێنە ........................ گوڵباخ بەهرامی

تەماشا ...!
پەنجەکانم ئەبینی لە پەنجەرەکەتا بەجێماوە؟
لێگەڕێ گوڵم!
ئەمشەو شەرابی رۆحم هەڵئەڕژێ و
خەڵوەتم ئەکا لەتۆدا
ئاسمانیش موڵکی بە تەنیا منە و
بێ چەتر و گوڵ ئەچمە ژوانی باران.

## مەی

مەی !
ئەی خواوەندی مزری ڕەنگ و تام
مەی
ئەی عاشقتر لە من بە مەستبوون
مەی
ئەی سپێدەتر لە بەرپابوونی بەیانی،
مەدهۆشم کە بە خۆت و
دڵخۆشتر لە هەمیشە
سوورم کە لەباخەڵتا
وەك شەو
کە بەرەنگی دڵت
شەراب دەنووسێتەوە بۆ باران
پێش لە بەربوونی پەنجەی "بانگ "





بۆ دروێنەی حەقیقەتەکانی زەمان
لە قوڕگی بەتاڵی ردێنپۆشە تاڵەکانی ڕەش
وەك چاوی قالاو،

مەی
ئەی کە ڕژانت ڕۆدەچێتەوە سینگی ئاسمان و
دادەبارێتەوە لە دڵی زەویدا

دەڵێن: کوردستان مەیخانەیەکی بەتاڵە
بۆیە "خودا" چەند شەوە مەستەو
فریشتەکانی تامی سەرخۆشی دەدەن

# ئیتفاقێکی سادە

وا هەست بکە نامناسیت و ڕقت لێمە
یان ناتناسم و خۆشم ئەوێی
هەر هیچ نەبێ پێناسەیەکمان دەداتێ
مردن
هەر هیچ نەبێ
لە گۆڕستانێکدا یەکتر دەگرینەوە
تۆ پێی دەڵێی گۆڕستانی مردووی ژنەکان و
من پێی دەڵێم "دڵت"
من پێی دەڵێم مەداری نێوان ژیان و تۆ و
تۆ پێی دەڵێی "دڵم"
هەر خۆت...
بەتەنیا ....
ناوم بنێ ئیتفاقێکی سادە و
هەر خۆت بە
کە سادەترین ئیتفاقیش
زۆر سادە فەرامۆش دەکەی



نیوەی پڕی من نیوەی بەتاڵی ئاوێنە ........................ گوڵباخ بەهرامی

# ژنێکی مەیلەو ڕەساسی

لە بازنەی تاڵی نیگامدا چی دەبینی
ژنێکی مەیلەو ڕەساسی
وەکو سێبەرێکی نوستوو لە پێستتدا
بووکەشووشەیەك بە سووراوی بەنەوشەوە؟
یان...
وتبووم لەم ڕۆژانە
تەرك دەبم لە عادەتە هەمیشەییەکانمان
وتبووم
لەپشت ئەم دێکۆڕاسیۆنە جوانە پرتەقاڵییەدا
کەسێك کە ڕەنگی منی لەبەر کردووە دەمرێت
وتبووم یان نە؟
ئێستا کە پەنجەی ئاماژەم
لە دەستپۆشە تەسکەکانی شەودا بەجێماوە
نازانم لە کوێ و
بە چ لەهجەیەك

ئامازەکانم بە نیگات ببەستمەوە !

چ بێ سەبرانە

تەواو بووی لە پێکەنینەکانمدا

هەموو ئەو ئێوارانەی کە هاوارمت کرد

هەی..... لەگەڵ تۆمە !

نە .... ببورە

بەڵام "تۆ" هیچکات لەگەڵ "من" نەبووی





## لە من دوور بە

لە من دوور بە !

هەرکات کە نزیکترین مەودای لە من

باوەڕ دەکەم

بە هەناسەکێشانی ژیان

ئیمان دێنم

بە پڕبوونی غەریبیم

لە تەسکترین قەراری بێقەراریدا

ماندووم لەم ئومێدە کورتانە

دوور بە

لە من !

دڵنیام

هەرکە چەترەکەم هەڵکرد

تۆش لە بیر دەکەم

## من پڕبوونی لەشی تۆم لە نارنجی

نارنجییەکانی لەشت عاشق کە !

من پڕبوونی لەشی تۆم

لە نارنجی،

من کاڵترین کەنیشکی دنیام

ڕەنگم کە لەخۆتداو

بە نیگارێکم بشوبهێنە مردوو

دیوارێك هەر دەبێ خۆمی پیاهەڵواسم

لە دڵی تۆ نەرمتر و

لە جەستەی خۆم ساردتر

خۆت ... نە

نارنجییەکانی لەشتم

لێ ...

عاشق ...

کە !





## "ئینسان" لە قامووسی ئێوەدا چەند یار چەیە. نەوەکانی ئەتاتورك؟

ئامەد، وان، شێرناخ، ماردین، ئێزمیر....

قەندیل ... ئاگری ....

باکووری سەدان ساڵە داگیرساو و

وەك کلێپەی دڵم،

هەمیشە ڕۆژهەڵات

دەمباش و

ڕۆژگارتان خۆش!

دەڵێن ئازادی دیلەو

ویژدانی ڕەش هەڵگەڕاوی ئینسان

بەرگی کەمالیزم و جاشیزمی پۆشیوە و

دەنگ، تەنها مارشێکی بەندکراوی شەوە

نوزە نوزی نەفرەتی ئەتاتۆرك دەگێڕێتەوە

دەمباش گەریلا

ئازادیتان باش و

سپێدەتان پیرۆز

کە بە ڕەنگی

ڕوخساری شەرمنی کیژۆڵەکان

سپێدە بە ڕووی ئێوەدا هەڵدێ.

دەمباش و

ئازادیتان خۆش

دەم باش و

شەهیدبوونتان پیرۆز

شەهیدبوونتان بەڕەنگی کاڵ و لێوی برسی

بە چاوی تەنیا و دەستی تینوو

غەریبیتان دەکەم

غەریب تر لە ئێوەو

لە دڵتان تەنیاتر...

شەهید بوون لای ئێمە واتە:

سوور بوونمان لە مەنفای بەرینی وڵاتدا..





## کام ڕەنگی من دەچێتەوە سەر تۆ؟

من لە پێکێکدا خۆم هەڵداوە

لە پێکەنینەکانی خۆم تاڵ تر،

ناتانبینمەوە

بەڵام بە کۆچەرییەکانی دونیام وتووە

"تاڵ" یانی چی،

وەک دواهەمین وتەی شێتێکی مەست

یان نە ...

با مەستێکی شێت بێ

کە خۆشی نەیزانی چی وت،

دەڵێم:

ئەرێ کام ڕەنگی من

دەچێتەوە سەر تۆ؟

ئەی تاڵترین " من"ی " بێ "تۆ"

...

## ئەی مەرگ

نەسەفەرێکم ماوە بمباتە کۆتایی

نەکۆچێك

کە ڕێگای گەڕانەوەم بۆ ڕابخات

وەك لەتێ سەهۆڵ

لە گەرماوگەرمی پەنجەکانتا

هەنگاوەکانم بەرەو مەرگ

توندتر دەکەمەوە

کوا ژیان

بە لەشی بێ ڕۆحەوە پێناسە دەکرێت؟

* * *

سپی دەبن و دەڕژێن

هەموو ئەو تاڵانەی

کە پێ بەپێی من

بۆ ویستنی تۆ هاتبوون

ئێستا کە بەختەوەری پێ بەپێی تۆ





لە کۆڵانی پرچەکانما

پیر دەبێت و دەڕژێت،

کامە چیرۆکت بۆ بگێڕێتەوە داپیرە !؟

# وا من ئەمرم

وا کەسێك دەنگم نابیستێ

کاتێك بە بێدەنگی دەمنێژن

... من پاڵ بە مردنەوە دەدەم و

ئێوە بە ڕەنگە کاڵەکانی تەمەنم،

من نازانم کامەتان

بێ ڕەنگترین وێنەتان لە من

هەڵواسیوە بەخۆتانا،

هەر ئەوندە دەزانم

کە ئاورێکی کورتیشم لێنادەنەوە

دەستەکانتان

بۆ هەمیشە و بە تەنیا

دوور لە نیگاکانی ئێوە

ناشتنم بەچاوی خۆم دەبینم لە دڵتانا و

دوور لە هەمووتان دوورتر

بۆ هەمیشە و بە تەنیا

ئێوە دەمنێژن و

من دەمرم.





# ئێوارە موسافرێك دێت بۆنی تۆم بۆ دێنێ

**(بۆ تەنیا کەسێك کە تەنیا کاتێك کە بیری لێدەکەمەوە تەنیا نیم، بۆ ئـەو کەسەی تەنیا بێ ئەو غەریبیم پێوە دیارە، بۆ(دایك)م.**

ئێوارە موسافرێك دێت و

من چاوەڕێی تۆم

تۆ کە نیت و بۆنت بەرێوەیە

ئێوارە پاییزێکی تر لە باوەش دەگرم و

وەك گەڵا

لە داڕژانی خۆمدا غەریبی تۆ دەکەم

ئێوارە موسافرێك دێت

لە رۆژهەڵاتی دڵمەوە

لەوێوە کە تۆ

منت تیا تەنیا کرد و

من سێبەری نووستووی تۆم بەجێهێشت

دێت و بۆنی تۆم بۆ دێنێ و

ئیتر دەڵێی دنیا هی منە

بەڵام کوا ...

بێ تۆ دونیایەك هەیە؟

# داگیرکەر

پشوو دەدەن لەنێو لەپما
ئەوانەی لە من بێزارن
ئەوانەی لێیان بێزارم،
پەپکە دەکەن لەنێو دەمارەکانمدا و
هزرەکانم دەپشکنن
ئەی ناڵێی تۆ
لە کارناواڵی مردنا چۆن بوومە پەن؟!
پەتی پەتی ڕاونرام و
کەس نەهاتە شەوگاری ڕەشی بەختمەوە؟!
ئەو سێبەرەی لەشەودا بۆ من دەگەڕێ
لەگەڵ یەکەم زرتەی چاوی سپێدەدا
پێم پێدەکەنێ و
جەستە بۆ مەرگم ڕادەخات،
هۆ...داگیرکەر!
من دەریا نیم پەل دابکوتم بۆ وشکایی
تینووی ئەوینی وڵاتم
ئەوینێکی بێئارام و
بێ کۆتایی





# گرەو

سەفەرێکم لە پێشە
سەفەرێك بە هەورازی
سەردەمێکی خۆڵەمێشی و
داسی بەختی دروێنەکەر
پڕ بە پریاسکەی پیری کۆلانێکی ترسنۆك و
بە کۆڵی ڕەشەبایەکی بێتاقەت،
کە پاسەوانێکی
لە بێدەنگی جادەیەکی شەل و
پێچەوانەی ڕێگایەکی درۆزن وەڕەز کردبێ
سەفەری کۆچێکی ڕەش و
کۆچی سەفەرێکی ناوەخت
بێ ئەوەی لە لۆچی ئاوێنەیەکی ڕووت دا
بمدۆزنەوە و
بەر لەوەی لە سەرەتای دۆزەخێکا

تاوانی بەختێکی ڕەشم پێ ببەخشن
من دەڕۆم
ئەمجارە بە وڕینەی خامەیەکی لەرزۆك
کە دوایین سروودەکانی " بەرد" ی
بۆ تەپ و تۆزی هەنگاو و
حیلەی ئەسپێکی سەرشێت دەگێڕایەوە
بە باڵای نەفەسێکی زەرد و
وردە گەڵای پاییزێکی تۆخ
کە پوولەکەی کراسی شیعرێکی تەنیای
هەڵوەراند و
بە دیاریی
بۆ وردە هەنسکی
هەڵاڵەیەکی هەتیوی دەناردەوە
سەفەری ئەمجارەم
سەرەتای نوختەیەکی کوێرە
کە پەلاماری ڕەشنووسێکی پیر دەدات و
لە گێژاوی خولیای شیعرێکی ناوەختدا نوقم دەبێ و
لە شیوەنی تابلۆیەکدا لە دار دەدرێ!
کە ڕەنگەکان یاخی دەبن و
ئەم سەفەرە لە مەنتقی جوگرافیای جادەیەکا





تێدەپەڕێ و
لە چیرۆکی نیوەشەوێکی بێ هێزدا کۆتایی دێت
بێ ئەوەی لە مەملکەتی ڕەنگەکانا
داستانی ئەم سەفەرە
بە گوێی نەفرینی تابوتە بێ ڕەنگەکانی دۆزەخ بگات و
دێوەزمەی بەختێکی نەزۆك
لە قیامەتێکی سەرەڕۆدا
پەلکەی تاوانێکی زگماکمان بۆ بهۆنێتەوە
ئەمجارە و لە کۆتایی ئەم سەفەرە
لە گرەوی پەنجە و ڕەنگا
تابلۆیەك مرد
کە بەرهەمی دۆڕاندنی ڕەنگەکان بوو

# بەڵێن

ئەم خەیاڵەم پڕە لە پار
ئەم مەراقەش سەوز نییە وەکو
پەنجەرە
لێم گەڕێ با لە ئەژنۆتا بشکێمەوە
گەزووی حەرف و
خولیای نەبڕانەوەی مردن
لە ژێر تەرمی دار تەلەکان ڕاکشمەوە
.
.
.
سێ چرکەی تر
هەر سێ چرکە
تەواو بوونم لە گوڵدانێکا زەرد دەبێ و
تەماشامان دەڕژێتە سەر
لەتێ کۆڵانی بێهوودە و





لەنێو هەرای گەمەیەکی مناڵانە
گەورە دەبێ و
تۆ نەتزانی ...
بەڵێن بەدەم پەڕەسێلکەی
سەر دارتەلی کۆڵانەکە
لە گۆ دەچێ
ئەم کاتژمێرەش تێپەڕی و
تۆ لەسەر بالیفی ئەم خەوە ڕانەبووی
تۆ نەتزانی ....و
لە تەنگاوتەنگی دێڕێکی نەنووسراودا
بە باهۆزێکی گەڕیدەت ڕاسپاردم
نەتزانی کەسێك پێش ئەوەی بڕوخێت و
لەگەڵ وریشەی لەتبوونی بەڵێنێکا
سەفەر بکات
لە ئاوێنەکە دابەزی و
بۆ چرکەیەك
هاتەوە لات !

## هەرێمی کچ و نیوەی کاڵی ماچ

سێبەرەکەم پیاوێکە بەتاڵ و
هەموو ئێوارەیەك
لە باڵاما کورت دەبێتەوە
کە تەنیا ئێوارەیەك بەسە بۆ مردن و
جادەیەك بۆ سەفەری پەنجەرەکان
کە ئەمجارە لە هاتوچۆی وەرزێکی وشك
بە خیانەتی بارانەوە ئاوێزان بووم و
ڕچەی سەفەرێکم شکاند
لە مەنتقی خودادا هەزار پاتە دەبێتەوە
هێشتا لە پەراوێزی هەرچی بوونە
نوختەیەکین
لە سترانی " با " کورت تر و
لە تاقەتی فڕینی خەندەیەك نزمتر
بە ئاوێزانی ئەم جادەوە
هەڵمپێچە و لە سەرەتاوە بڕوێ





کە ئاوارەییت لە جووڵانەوەی کاتژمێر نەترازێ و
باڵات بە ئاوێنەوە نەشکێ،
چۆن لە سەرابی شێعرێکەوە
گلەیی دوو حەرف
ئەمانکا بە گریان و
چۆن لە کارناواڵی خەمێکا
بارانی ماچێك دەمانباتەوە بۆ قەدەری ئەشق
چاوەکانت لە گەمارۆی نیگایەکدا
بە تاڵ دەبنەوە،
کە سەرنجی مەراقێك ڕاتدەکێشێ
بۆ دوایین ساتەکانی مردن
چیمان پێ بوو
بێجگە لە جانتایەك
پڕ لە باڵی سووتاوی پەپوولە و
شانەیەك لە بەیداخی پەنجەیەکی داهێنەر؟
ئەی بۆ نەتانزانیوە
ئەم وڵاتە گەنم ڕەنگە
دەمێکە بارانی نەدیوە و
پۆل  پۆل
بێدەنگی سەفەرێکی بەتاڵ

لە ڕوومەتی دادەچۆڕێ !
ئێمە هەموومان درۆ دەکەین
ئێمە هەموومان ڕۆژێك
دایکمان لە خۆمان ڕەنجاندووە
ئێمە هەموومان ڕۆژێك
شاخمان لە خۆمان تۆراندووە
ئێمە هەموومان ڕۆژێك
گاڵتەمان بە زەردەخەنەی
خەمێکی بەساڵاچوو کردووە
ئەی تۆ درۆت نەکرد...
کە چاوە زیتەڵەکانی خودات لە مشت دا
توند توند جوقاند و
سەیری پاتاڵی تەتەری مێژووت دەکرد؟
ئێمە چەندە لێهاتووین
لە دۆڕاندنی کاتەکاندا
لە شین گێڕی بۆ ساتە مەرگەکانی ڕەش،
کە باهۆزێك ئێوارەیەك
دێ و دەیانبا،
تۆ لە سەرەتای ئەم کۆسپەوە هاتیت
تۆ لە کاتێ لە دایکبووی قیژە کەڕ بوو





بۆیە لە بێدەنگی دەترسیت و
ئاوێزانی باڵۆرەیەك
بیرێك دەتبا و ناگەڕێیتەوە
ئێمە پاشماوەی نفرینەکانی خوداین
کە ڕۆژێك بێتاوان
دەمانخاتە ئەڵقەی مەرگەوە و
ڕۆژێك
لە چرپە چرپی بارانێکی تەتەرا
دەمانخوێنێتەوە و
بە زللەیەك کاڵمان دەکاتەوە
چەندە تەنیا بووین
کە تەنیاییمان کردە خەڵاتی خاك و
"هەڵەبجە "مان دۆڕاند
چەندە تەنیا بووین
کە خودامان خستە باوەشی شارێك و
"قاڕنێ و قەڵاتان"مان دۆڕاند
چەندە هێواش بووین لە پێکەنینا
کە بە دەم سەمای خەندەوە مردین
بووین بە ئایەتێکی دزراو و
لە کارەساتا دووپات بووینەوە

بووین بە سورەیەك لە تاوان و
لە کتێبی پێغەمبەرێکی ترا ڕووواینەوە
کات کە دەمانخوێنێتەوە
ڕادەوستێ،
چرکە دەمرێ و
زەمەن لە تاووتوێ چاڵێکی ڕەشا
یەخسیر دەبێ
کە هەرچی ڕەوەزی ئەم بیابانەیە
ئاشقن بە چەك و
وانەیەکن
لە سەرەتای هەرێمی کچ و
نیوەی کاڵی ماچ،
مانگ کە تەواو بوو
تۆ دەستت پێکرد و
ئەم خاکە پڕە لە دایك و
لە کۆرپە و
لە شەهید و
لە خۆشەویستی دوو ئەشقی زووڵاڵ
ئێمەین کە بە لمی برینێکی تازەدا
دەتوێینەوە





تەنیا ئێمەین
کە دووبارە سەلام لە شەیتان دەکەین و
حەشری مەرگی پێ دەسپێرین.

# شیرین وەك تۆ

بە هەر شەقامێ گوزەر دەکەی
بۆ قەرەجێك لە من دەدوێی
بەختم لە پیاڵەیەك دا
پێچەوانە دەبێتەوە و
بە تەنیا
لە قەدەری ئەم خاڵە بەجێ دەمێنم
حاشا لە قاوە و لە هەرچی شەرابی تۆخە !
کە لاپەڕەکانی خەندەت
بەتاڵ دەنووسێتەوە و
من لە ئاخێکا شیرین هەڵدەکێشم،
مەحاڵە گەیشتن
بە پەمەییەکانی لێوان لێوت
بپەیڤە بە قاپی جەستەمدا
ئەگەر تۆ هێشتا هەر ماچ بی
من هەمان حەسرەتم





# ڕقم لێتە

ئەی ئەو خەمەی
لە مندا دەبی بە ژان و
لە خۆتا دەبی بە ئێوارەیەکی بەتاڵ و
لە مردووەکانی سەرشەقامیش
دەبی بە ڕاگوزەرێکی سپی و چەتوون
ئەی ئازاری ڕەنگامەی هەڵم !
کە منت لە جادەی سەفەرێکی پێچ دا
ڕووت کردەوە و
بێرەنگ لە حەسرەتی غوربەتێکا
ئاوا بووم،
کەنار بگرە لە بێهوودەییم
پڕ بە لە سەفەر و
باری ئەم کۆچە ڕەشەت
بەرەو هەر کۆڵانێك کە نەتدۆزمەوە
هەڵپێچە
کە هێندەی تووڕە بوونی ئەم کۆڵانە
ڕقم لێتە !

# یاد

به باڵاتا یادەکانم هەڵدەواسم
ڕەنگە ببیە کۆترێك و
له ڕۆحمدا لەنگەر بگری،
ئەی جوانترین دەستکردی ئەشق !
ئەوە تۆ نەبووی
له گەرووی زەمەنەوە
سەرت هەڵداو
له پەنجەرەی چاوەکانی خوداوە
سەیری دوایین وێستگەی
تەنیاییەکانی منت دەکرد؟
ئەوە تۆ نەبووی
لێوان لێوی حەزێکی گڕ ئاوێتەم بووی؟
ئەوە تۆ نەبووی؟!
شەونم له چاوەکانی تۆوە هەڵوەری و
کانییەکانیش له دڵتەوە هەڵدەقووڵان،
پێم بڵێ تۆ
کام ئەستێرەت له باوەشە و





له ئامێزی
کام ئاسمانا ڕاکشای
که هەموو شەو
چەپکە چەپکە
ئەستێرە له دایك دەبێ و
سبەینانیش
هەتاو له باوەشتا هەڵدێ؟
دەمەوێ بتنووسمەوە
دەمەوێ بتنووسمەوە بۆ سەدەم جار
تا پێت بڵێم
ئەم بارانیشە ناتوانێ بتشوواتەوە
ئەم ئاگریشە ناتوانێ بتسووتێنێ
ئەم بەستەڵەکە ناتوانێ له بیرت با
ئێستا هێدی– هێدی
خەونەکانم دەبنە درۆ و
له کەلێنی ژوورێکەوە ئارام دەگرن
ئای له ڕۆژێ له خەرمانەی ڕوومەتم دا
زریانی چاوانت هەڵکا و
پەنجەکانم نەتناسنەوە !

# کۆتایی

ئەو کاتەی بە پیری مردنمەوە هاتی
لە پەنای
چۆلەکەی گیانمەوە ئارام بگرە
تا پێت بڵێم:
لە بەرزایی کام پەنجەرەی ئـەم ماڵـە کۆنەدا
هەڵدەفرم !
تۆ......... ئۆقیانووس
پڕ لە هاژە !
لە باوەشم بگرە
هەتا گریان لە چاوەکانما
چۆپی مردن دەکێشێ
دەستەکان هەموو شێتن
کفن بە باڵای مردنما دەدوورێت
مەست: بێ ئەوەی لە دڵتانا ئاوارە بم





شێت: بێ ئەوەی لە گەڵتانا ئاوێتە بم
ئاخ ! بێ ورەی چەپکە شیعرێ
مردن لە ئەندامی سێبەرێکی تەڕ پۆش
چەندە خۆشە !

# پێچەوانە

**تۆ پێچەوانەی خۆتی**
**وەکو من کە پێچەوانەی تۆم**
**لە کۆڵانەکانی کراسەکەتا**
**خەت دەژمێرم تا ئێوارە و**
**داوێنێك چرا کۆدەکەنەوە بۆ شەو وشەکان**
**پێچەوانەی خۆیان دەنووسنەوە وەك ئێمە**
**لە دەرفەتێك لە دەفتەری بارانا،**
**هەر ناکرێ بارین**
**باراندنی پێ فەرامۆش و**
**منیش تۆم پێ تەرك**
**لە هەر تەکانێکتا**
**دڵم تەنهایی دادەخۆرپێنێ و**
**مۆنۆمێنتی من و**
**من و مۆنۆمێنتی تۆ و تۆ**
**لە دەستە پڕ لە دەستەواژەکانی سیاسەتداو**





**عەشقدا و**
**داو داو**
**مۆمیا دەکرێین لە پەیکەری خۆماندا**
**... ڕووت**
**ڕەش بێ و**
**کاڵ بێ و**
**پرتەقاڵی بێ و**
**تازە هەر پاییزەو**
**خۆشەویستی قەپاتە و**
**قامکم قارە و**
**قارە قاوەکەم لە دەمما**
**ئاشت دەبیتەوە**
**یا تاڵی قوت دەم؟!**